کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-4-2007 1:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## داستانی خەمی ڕۆژانەی ژنان ببیسن.. ! مستەفا ئەحمەد سعید

وەرزی ئێمە لەوەرزی ڕۆژگاری هیچ کۆمەڵگایەك ناچێ! دارستانی خەمی ئێمە هەموو ڕۆژێ بەخوێنی دایك و خوشك و هاوسەرەکانمان نەش و نماو چرۆدەکا، کلتوری ئێمە لە کلتوری مرۆڤی نیان دەرتاڵ و تیرۆستە شمشێر بە خوێن سوور هەڵگەڕاوەکانی سەردەمیش ناچێ! ئەوان دەم و چاوی خۆیان دەشارنەوە، شەرم لە دەرکەوتنی ڕووی دزێوی خۆیان دەکەن، کە ژیان لە مرۆڤ دەسێننەوە، (ڤاڵتێر راووف) ەکانی ئێمە هەموو ڕۆژ و کات و ساتێ، لێرەو لەوێ، بەبەرچاوی زوومی دەسەڵات و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و خوشکان و خانمان و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و زانایان و مزگەوت و تەکیەکان (دوعا) و (دوعا) یەکان لە ئامێزی پڕ لەمیهری دایکان دەفرێنن، بەبلۆك و بەرد سەریان پان دەکرێنەوە، ژیانیان لی زەوت دەکەن، ئەودیو سنورەکانی ژیانیان دەکەن، ئێوە لەکوێن، چاویلکە ڕەشەکانتان دانێن، گوێ یەکانتان بکەنەوە، گوێ لە هاواری (دوعا) ی تەمەن (17) ساڵی بێناز بگرن، ناوی ڕیز کراوی روح دزراوەکانی سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان بخوێننەوە، سەیری سایتەکانی ئینتەرنێت کەن، گوێ بۆ ژوورەکانی پاڵتاك و ئاخ و ئۆف و هاواری تاساو و دڵڕەنجاوی ئاڤێستای هاوڕێم بگرن داستانی خەمی ڕۆژانەی ژنان ببیستن، ئێرە کەشتی ئارامی نوح و کەنانەی بەڵێن پێ دراوی یەهوود و بەهەشتی چاوەڕوان کراوی ئیسلام نییە، بەراووردی کارە تیرۆرستیەکانی ناوەڕاستی عێراقی کەن، چەندە لەوێ ئارام ترە بای ئەوەندی پێمان بفرۆشنەوە، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان، بازنەکانی بێ دەنگی بشکێنن، واز لە گۆشەگیری بێنن، لە خەڵوەتگا وەرنە دەرێ، واز لە کاری هەویر و دوورمان و دەستی بێنن، دەرگای دەسەڵات بگرن، شەقام بهەژێنن، چاوەڕوانی سالاریەکان مەکەن لەوە زیاتر، با ئەمرۆتان لە دوێنێ و سبەینێتان لەمرۆ نەچێ، زانایانی ئاینی بەڕێز واز لە حیکایەت و ئەفسانەکانی (1400) ساڵ لەمەوبەر بێنن، کۆمەڵگا تێکەڵ بە ڤەنتازیای خۆتان مەکەن، ڕاسپاردەکانی خوای مەزن لەسەر زەوی جێ بەجێ کەن کە دەفەرموێت (من قَتَل نَفساً بیغَر نفس ڕو فسادٍ فی الآچ فکرِنما قَتَلّ الناسَ جمیعاً) گوی لەزەردەشت بگرن بیری چاك و گوتاری چاك و کاری چاك جێ بەجێ کەن، با لەوەزیاتر فرمێسك و خوێن و جەستەی بێ ڕوحی ئازیزانمان نەبینن، پێکەنین لە ناخی (دوعا) و دوعایەکان نەمرێنن.

Mstafaahmad_saeid@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.